

**له عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی**

## وەداد نەبی

# بیست پیاو منیان خۆشدەوێت



دەموچاوم بە ژنێکی ئەسیوبی سەدەی نۆزدەهەمی
ناو کێلگەکانی پەمۆ دەچێت،
بزەیەکی شاراوەی مۆنالیزاش، لەسەر لێوانم بەدی ناکرێت،
بەدەنگێکی گەرمیش، سترانێکی «کلارا ڤابیان» ناچرم، کە هاوار دەکات:
Je Suis Malade
لە چێشت و چنینیش کابان و دەسترەنگین نیم،
لەناو وڵاتێک لە عاشقان، لە تووڕەییش
بیست قاپم لەدەست دەشکێت.
وەک «نیکۆل کیدمان»یش لە ورووژاندنیش شارەزا نیم،
لەگەڵ هەموو ئەوانەش، دیارە کە بیست پیاو منیان خۆشدەوێت!
...
کە غەرامییەک بە جامی ئۆتۆمبێلی برادەرەکانم وە دەکەن،
ناتوانم شەقێکیش لە پۆلیسەکە هەڵدەم.
گوێ لە موزیکی ورووژێنەر و بەقیژەقیژ ناگرم،
بەداخەوە جانتاکەی دەستم جگەرەی تێدا نەماوە،
کە حەزم لە جگەرەیەکیش دەبێت،
ئەگەر لە رێبوارێکی نەناس، داوای جگەرەیەک بکەم و نەمداتێ،
دوور نییە بیکوژم!
من داماوم، تامی ڤۆدگا لە براندی جیاناکەمەوە،
وەک کیژانی چینە مەخمەلییەکە،
کە بە شەقامەکانا دەڕۆم، پشیلەیەکم لەباوەشدا نییە،
بەیانییان کە لە خەو رادەبم،



لەناو کۆڵانە میللییەکانی ئەستنبۆل، زمانە ئارامەکەم

وەک زمانی ژنانی ماسیفرۆشی ئێرەی لێ دێت،

لەگەڵ ئەوەش، بیست پیاو منیان خۆشدەوێت!

...

ئۆتۆمبێلێکی ڤاکسواگنیشم لەژێرەوە نییە،

بەردەوام پیادە و زۆر دەڕۆم،

بێزاریش نابم ئەگەر ئۆتۆمبێلێکیش پانم بکاتەوە،

جورئەت ناکەم، جنێوێکی ناشیرین بچرپێنمە گوێی کەس.

چەرچەفەکەم نانەخشێنم

لاسایی «مارلین مۆنرۆ»ش ناکەمەوە،

سمتم وەک «کیم کاردشیان»یش نییە،

لەبەردەم کەسیش، نە شیعرێ دەڵێم و نە پارچەیا

لەگەڵ ئەوەش بیست پیاو منیان خۆشدەوێت!

شەوانە وەک هێشووێکی بەتام،

لە تیاترۆکان نامینێمەوە،

لێوەکانم ئەستوور نین،

فستانی کورت لەبەرناکەم،

باوکم نییە،

شارێکشم نییە شانی پێ بکەم،

ئای کە سەیرە، دڵیشم نییە،

کەسیشم خۆشناوێت،

لەگەڵ ئەوەش، بیست پیاو منیان -



وەداد نەبی **1985** ژنە نووسەری کوردی رۆژئاوا زۆرتر پەرۆشی کۆبانییە، کە تێدا لەدایکبووە، ئەو شارەی بووە بە رەمزی بەرخودان و تێکۆشان. بۆ ژنە شەرڤان «ئارین میرکان» یەکەم ژن بووە، بە رووی داگیرکەران خۆی تەقاندوە، لە پارچە شیعرێک بەناوی «حین نرمی قلبنا بحجارە کوبانی» نووسیویەتی:

کە بەردێکی کۆبانی بەر دڵمان دەکەوێت:

ماڵەکانمان بە دەرگای کراوەوە جێهێشت و رۆیشتین،
بانگیان دەکردین، بۆ قوفڵەکانمان بێ کلیل جێهێشتووە،
ئەگەر دەمانزانی، دەرچوونمان ئەوەندە درێژ دەبێت،
کلیلمان بە دەرگای ماڵەوە وەکرد.
یان بەر لەدوا ماڵئاواییت،
کلیلەکانمان بە قژی رەشی تۆ وەکرد و دەڕۆیشتین.

